ستراتیژی سیاسییەکانی ناو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە کوردستانی عێراق.. نادر عەبدولحەمید

1. **ڕاست و چەپی ناسیونالیزم، دەستاودەستی دەسەڵات**

هاوەای ئاوگۆڕە سیاسی و ئابووریەکان و پەرەسەندنی ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، نزیک هەر ئۆپۆزیسیۆنی قەومی لیبڕاڵ و ئیسلامی سیاسی وەک فشار بەسەر حکومەتی هەرێم و حزبەکانی دەسەڵاتدارەوە هاتوونەتە مەیدان، بەڵکو ناسیونالیزمەکی چەپی سەر بە ئایدیاکانی ئۆجەلان و ئەزموونی کوردستانی سوریا و تورکیای ئاو ناوتەش، گۆشەیەکی کردووە لە بەرمبەر ناسیونالیزمی ڕاستڕەوانەی زاڵ لەناو کۆمەڵگەی کوردستانی عێراقدا، بە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆنیشەوە.

گەرچی لە ئێستادا ئەم ناسیونالیزمە چەپە وەک ئۆپۆزسیۆنێکی بەرجەستەی سیاسی و عەلەنی خۆی نەخستۆتەوو، بەڵام هێزێکی یەدەک و حەشاردراوی بزووتنەوەی ناسیونالیستییە بە جۆگرتنەوەی دەسەڵاتی ناسیونالیستی ڕاستڕەو، لە کاتی هاتنئارای قەیرانی دەسەڵات و لە توندپێچە مێژووییەکاندا، بەمانایەک دەستاو دەست پێکردنی دەسەڵات، لە نێوان ڕاست و چەپی یەک بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، کە ئاویش بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کوردە لە هەرەمەکدا، بەڵام بەشکە و شێوازێکی جیاوازتر لەوەی کە ئۆپۆزسیۆنی ڕاستڕەوی لیبڕاڵ قەومی (نێوەی نوێ) و لایەنی تر، وەیا ئیسلامی سیاسی کۆنەپەرست لە ئێستادا لە هەوەدان بێ.

2. **سنوری ئەم وتارە**

لەم وتارەدا ناچمە ناو باسی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەکەی، ناچمە ناو باسی ناسیونالیزمی چەپ و ڕاست لە هەرەم، بەڵکو دەمەوێت تیشکێک بخەمەسەر بارودۆخی ئێستای بزووتنەوەیەکی چەپی دژەوەی ڕووتی ناسیونالیزمی چەپ، واتا ئاوەی کە ناسراوە بە بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق.

ئەمش بە مەبەستی دەرخستن و بەرجەستەکردنەوەی ستراتیژە سیاسییەکانی ناو ئەم بزووتنەوەیە کە لە بەرامبەر گشت ئەم بارودۆخە سیاسی کۆمەڵایەتی و ئابووریەی هەرەمدا خراونەتەوو. وە لەرشدا ناچمە ناو هەڵسەنگاندنی خەتە فکریەکانەوە، بەڵکو باسکەم پێویستە بە خەتی سیاسی و ستراتیژی سیاسییەوە. ئەوەش کە تا چەند خزمەتی (تەوەهومات) لەناو ئەم بزووتنەوەیەدا هەیە بەرامبەر بە ناسیونالیزمی چەپ، یان کاریگەری ناسیونالیزمی چەپ لەسەر ئەم بزووتنەوە چەپ و کۆمۆنیستییە چەندە و چۆن؟ ئەمش باسکی ترە و لەرەدا ناچمە ناویەوە.

3. **ئایە (حزبی شیوعی کوردستان) بەشکە لە بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستان؟**

بە ئەوەی هەشن بڵێن کە مەبەستمان لە بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستانی عەراق چییە، پێویستە بزانین ئایە ئەم حزبە بەشکە لەو بزووتنەوەیە یان نا؟

(حشک)، نە لە مێژووی ئاستەقینەی خۆیدا و نە لە هەڵبازە سیاسییەکەیدا، سەر بە بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستانی عەراق نییە، لە ووی مێژوویەوە درێژکراوەی (هەڵکخراوی کوردستانی حزبی شیوعی عەراقی)یە، کە ئەو حزبە عەراقیە هەمیشە سازشکار و هاوکاری حزبە ناسیونالیستە کۆنەپەرست و سەرکوتگەرەکانی کورد بووە، بەتایبەتیش باڵی عەشایەر و هەرە کۆنەپەرست و دواکەوتووەکەی (پارتی)، چ لە سانی شەستەکان و چ لە هەشتاکانی سەدەی ئابردوو لە بزووتنەوەی چەکداری ناو شاخەکانی سەرسنوردا، کاتێکیش (لە ١٩٩٣دا) ئەم هەڵکخراوی کوردستانە دەبەتە (حزبی شیوعی کوردستان) بەردەوامی بەهەمان خەت و هەڵبازی سیاسی دەدات لە نەوەتەکان سەدەی بیستەوە هەتا ئێستا.

سەیرکەن لە گەرمەی شەڕی ناوخۆدا و لە (٣١ی ئابی ١٩٩٦) کە (پارتی) بەهاوکاری سوپای (بەعس) هەولێر دەگرێتەوە، (حشک) خاوەنی وەزیر بووە لەو حکومەتەی کە (پارتی) پێکیهێناوە لە هەولێر! سەیرکەن لە کاتێکدا لە (١٧ی شوباتی ٢٠١١)دا خەڵک هاپەیووە و (١٠) خۆپێشاندەر کوژراون، وەزیری هۆشنبیری حکومەتی هەرێم و قسەکەری حکومەتی هەرێم ئەندامێکی مەکتەب سیاسی ئەو حزبە بووە! گەرچی لە کۆنگرەی حەوتەم (٢٠٢١)ەوە بەیاردرا کە ببەتە حزبێکی ئۆپۆزسیۆن، بەڵام ئۆپۆزسیۆنێک کە هەندێک لە ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی و مەکتەب سیاسییەکەی هاوژکاری سەرکی هەرێم و هاوژکاری سەرکی حکومەتن!

سەرەتای کۆنگرەکەشیان بە (سرودی ئەی ڕەقیب) کە سرودێکی قەومی ڕەگەزی (ئیسنیتکی) کوردە، نەک سرودێکی نیشتمانی کوردستانی، دەستپێکرد، سرودی ئینتەرناسیونالیان خستەناو تەنەکەی خۆڵەوە!
(حشک) هەتا حزبێکی یەکەمیستیش نەبووە و نیە، بەڵکو بەشێک بووە و ئێستاشی لەگەڵ بێت بەشێکە لە بزووتنەوەی کوردایەتی، هەتا لەناو کوردایەتیشدا باڵی چەپ نەبووە و نیە، ئەم حزبە بە چەمکی سیاسی لە ئەوروپای ڕۆژاوا، پێی دەڵێن حزبێکی ناسیونالدیموکراتی قەومی (یمین الوسط القومی)، لە کاتێکدا یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە کوردستانی عێراقدا، هەستیاری و دوژمنایەتییە سیاسییەکایەتی بەرامبەر بە حیزبە نەتەوەییەکان، کەچی مێژووی (حزبی شیوعی کوردستان) مێژووی پاشکۆیەتییە بە ناسیونالیزمی کورد و حزبە فەرمانڕەواکان، هەروەک حزبی دایکی خۆی (حزبی شیوعی عێراق) کە پاشکۆی ناسیونالیزمی عەرەب و ڕژێمە سەرکوتگەرەکانی وەک (بەعس) بوو. بۆیە ئەم حزبە نەک هەر کۆمۆنیست نیە، بەڵکو چەپێکی بورژوازی ناو کۆمەڵگەش نیە.

4. **چوارچێوەی گشتی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی**

بزووتنەوەی چەپ لە کوردستانی عێراق، دەرئەنجامی جیابوونەوەی ڕەشنبیرانی مارکسیستە لە حزب و ڕەوتە ناسیونالیستەکان لە ناوەڕاستی حەفتاکان بەدواوە تا نوێدەکانی سەدەی ڕابردوو. لە سەرەتای نەوەتەکاندا خۆی لە (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق)دا کۆکردەتەوە، پاشان بە جیابوونەوەی بەشێکی بەرچاوی کادرەکان و بە هەمەتی سەرکوتگەرانەی حزبە ناسیونالیستەکان و تێری کادر و ئەندامانی و بنبەست و شکستی سیاسی، نەک هەر حزبەکە، بەڵکو گشت بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی بردە دواوە و پەرتەوازە بوو، هەڵسوڕاوان و کادر و ئەندامانێکی زۆر دەستیان لەکار کێشایەوە و کەچیان بەرەو دەرەوەی وڵات کرد.
دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەک (٢٠٠٠-٢٠١٠)، دەیەی پوکانەوە و پاشکشەیەکی بەرچاوی ئەم بزووتنەوەیە بوو، بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی ناڕازایەتییەکان و وەڵکەوتنی بزووتنەوەی بەرگری لە ئازادیە سیاسییەکان دژ بە تێری ڕژێمەنوس (سەردەشت عوسمان) لە (٢٠١٠) و پاشان (١٧ی شوباتی ٢٠١١) کە هاوکاتی شۆڕشکانی باکوری ئەفریقیا (تونس) و (میسر) بوو، ڕەوندێکی نوێ لە گۆڕ و چوونەپێشی بەخێوە

بینی، و نوێکردنەوەی تازەش بە ئیقبال و کۆمەڵی مارکسیستیەوە هاتە مەیدان لە (٢٠١٣) بەدواوە.
لە دە ساڵی ئایندوودا (٢٠١٤-٢٠٢٤)، بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە کوردستانی عێراق گۆڕانکاریەکی بەخۆوە بینیوە، وەک هووهنانی نوێیەکی تازە بە مارکسیزم، ئەو حزب و جەماوەرانەش کە پشتر لە ئارادابوون (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری) و (یەکێتی کۆمۆنیستەکان) ئاوگۆڕیان بەسەردا هاتووە، دەستەجاتی تازەی وەک (ئاڵتەرناتیڤی سۆشیالیستی) و (جووتی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان-کوردستان) هاتوونە ئاراوە و جەماوەرێکی وەک (بەدیلی کۆمۆنیستی) هاتۆتە مەیدان.
دیارە کە چەند ئیقبال و دەستەجاتی تریش لە ناو سۆشیال میدیادا هەن، کە کاری پروپاگەندەی سۆشیالیستی ئەنجام دەدەن، یان بەکارێکی دیاریکراوی وەک وڕگەڵانی بەرهەمە فکری و سیاسیەکانی کەڵەپوری مارکسیزمەوە مەشغوڵن. ئەمە جگە لە ژمارەیەکی زۆروزەوەند لە هەسوواوانی چەپ و کۆمۆنیست کە پشووتر ئەندامی کارا و چالاکی حزب و جەماوەرکان بوون و ئێستا لەبەرخەیانەوە بە فەردی یان لەناو جەماوەرێکی جەماوەریدا، چالاکی ئەنجام دەدەن و مەیلی جەماوەری بوونی کۆمۆنیستانە (تەحزەوبی کۆمۆنیستی) و چالاکی جەماوەریی کۆمۆنیستیان زۆر لاوازە، لە ئەوروپا بە ئەو جۆرە کۆمۆنیستانە چەمکی "کۆمۆنیستی بە خانوولانە-Homeless Communists" بەکار دەبرێت.
تێبینی: (ئیقبال) و (کۆمەڵ) وەک گردبوونەوەیەکی سەرەتایی، و (دەستە) وەک ئاستێکی بەرزتری گردبوونەوە بەکاردەهێنم. (حزب) (گرووپ)، (جەماوەر)، بە ئەو گردبوونەوانە بەکاردەبەم کە کارێکی سیاسی جەماوەری بەپێی ستراتیژێک ئەنجام دەدەن.

5. **بەراوردێک**

بە پێچەوانەی سانایی هەشتاکان و نەوەتەکانی سەدەی بیست، کە کشمەکش (جەدەل)ی فکری و سیاسی لە نەوان ئیقبال و گروپ و جەماوەرکاندا تاوی سەندبوو، لەم دەورەیە لە ژیانی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق زۆر کەمتر ئەو خەباتە فکری و سیاسیە ناوخەیەی نەوان حزب و جەماوەرکان و گرووپ و ئیقبالکان لە ئارادایە و هەر لایە سوورە لەسەر جەماوەرکردنەوەی ئەوانی تر و سەرگەرمی دنیای خەیاتی. ئیقبالەتە جەخنە وەک دەستپێشکەری کەسکان لە سیاسەت و خەباتی فکری ئەم یان ئەو حزب و جەماوەرە لێئارادا بووە، ئەوەی مەبەستی منە

ئەویە ئەو کارە وەک سیاسەتێکی دیاریکراو لە لایەن خودی حزب و گروپ و تەکخروکانەوە بەرامبەر یەکتری نەگیراوەتەبەر.
گەرچی ئەم کارە بۆی هەیە ببێتە گرژی و ئاڵۆزی پەیوەندییە ناوخۆییەکانی ئەو بزووتنەوەیە زیاتر لەوەی کە ئێستا لە ئارادایە، بەڵام مارکسیزم و کۆمۆنیزم نەک هەر لە هەگبەی کۆشەکشە فکری و سیاسییەکانەوە، دژی هێوتە زاڵ و سەرکیبەکانی فکری بورژوازی دێتە مەیدان و خۆی ئامووزی دەکات، بەکو دژی ئەو هێوت و مەیلە فکری و سیاسیانەش کە هەنگدانەوە و سەبەری هێوتە ئیسیبەکانی بورژوازین لەناو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیدا، خۆی مشتوماڵ دەکاتەوە، پشتڕاوی دەکات و کاربوردەکەی واتا شیاوی بەکارهێنانی مارکسیزم لەسەر کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئامووزگەت و وەک مەسەد و جیهانبینییەکی گشتی لەکهەدەپکرێت بە تایبەتمەندی جوگرافیایەکی دیاریکراوەوە.

6. **ئێستای بزووتنەوەکە**

– لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، بەشێک لە کەسان و لە ئەقڵ و کۆوکۆمەڵە مارکسیستەکانی نەوەی تازە کە هوویان هێنابوو بە مارکسیزم، ئێستا یا دەستبەرداری مارکسیزم بوون، یا خاوبوونەتەوە و نەیان توانیووە گشە بکەن و بەرزببنەوە بە ئاستی خۆکخراوکردن و هاتنەمەیدانی کاری سیاسی جدی، و وەک ئەقڵی تاوتوێ کردنی باسە فکرییەکانی مارکسیزم درێژە بە خۆیان دەدەن.
شکستی پڕۆژەی هەشتبیرانی ناسیونالیستی کە سوپایەک لە قەڵەم بەدەستان و میدیاکارانیان هەڵخراند بوو (بەسیج و تەحشید کردبوو) بە هەڕەشەلێدانی هێنانەدی "دەوڵەتی یاسا" بە دەستاودەستپێکردنی دەستکەوتات لە هەگبەی پەرلەمانەوە و چووبوونە پشت (بزووتنەوەی گەلان)ی ئەو کاتە، بەڵام شکستی ئەم پڕۆژەیە بەشێک لە هەشتبیران و نوسەرانی تازە لاوی ناو ئەو سوپایە و دەروەی ئەم سوپایەی توشی هەوڵستە و تەڵامان کرد و هوویان هێنا بە مارکسیزم. ئێستا جگەی داخە پاش تێپەڕبوونی لانی کەم دەهەک (دە ساڵ) بەسەر هاتنەئارای ئەم نەوە تازەیەی مارکسیزمدا، نەیتوانی بگاتە ئەو ئاستە لە گشە و پشتەوانی کە چاوەڕوانی لە دەکرا ببێتە "خوێنکی تازە" بە ناو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق.
– دەستەی (ئاشتەرناتیفی سۆشیالیستی)ی هەژنامەکیان (چوار) دوو ساڵ زیاترە وەستاوە، ماوەیەکیشە ماڵپەڕەی سەرەکی ئەم

دەستەی و ماڵپەڕی ڕۆژنامەکەشیان لەکار کەوتووە. ئەم جگە لەوەی کە ئەم دەستەیە پێشتریش هەر لە ساڵی شکستهێنانەوە (ئەیلولی ٢٠١٦) تا ئێستا (کە نزیک بە هەشت ساڵە)، پەنای نەبردەتە بەر خستنەڕووی ستراتیژێک بۆ کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی، و دەرکردنی بەیاننامە و هەڵوێست نواندن، وە زیاتر مەشغوڵی پێوپاگەندەی سۆشیالیستی بووە دژی سەرمایەداری و بورژوازی بە شێوەیەکی گشتی. لە باشترین حاڵەتدا دەکرێ بڵێین ئەم پێوپاگەندەیە ستراتیژیان بووە لە هەشت ساڵی ڕابردوودا، و نەیانتوانیوە لەو ئاڵقە سەرتاییە واوەتر بکەن و بکەنەوە بە ناو جیهانی مارکسیزمی پراتیک و چالاکی سیاسی و ڕێکخراوەیی کۆمۆنیستی، لە شوێنی خۆیان گیریان کردووە و هیچ دەکیومێنتێکی ڕێسمیشیان ڕانەگەیاندووە کە بۆچی ڕۆژنامەکەیان وەستاوە؟ بۆچی ماڵپەڕەکانیان وەستاوە؟ بۆچی هیچ شتێک بۆناوی دەستەکەوە لە ئارادا نەماوە؟

– دەستەی (ڕەوتی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان-کوردستان)، سەربە سونەتێکی فکری و سیاسی دیاریکراون، کە ئاوێش هەڵی فکری تەڕتسکی – تۆنی کلیف و (حزبی کرێکارانی سۆشیالیست-بریتانیا)یە، و چالاکن لە سۆشیال میدیا و پێوپاگەندەی سۆشیالیستی و ڕێواجدان بە بەرهەمەکانی ئەو خەتە فکریە و بگشتیش بە بەرهەمە مارکسیستی و سۆشیالیستییەکان. ئەم دەستەیە هەنگاوی هەڵنەناوەتەوە بە دیاریکردنی هەڵەی بەرنامەیی و سیاسی خۆی لە ئاستێکی زۆر گشتیدا، لە دەکیومێنتێکدا بۆناوی (هەڵی گشتی سیاسەتکانی ...)، بەڵام هەشتا ستراتیژی کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی؛ ئاوێ کە لە کوردستاندا دەیەوێت چی بکات و چۆن ئەنجامی بدات و بۆی هەڵسوڕاوە بێت، بە دیاریکراوی نەیخستەڕوو، هەر بۆیە ئەمیش هەڵوێست نواندنی سیاسی نییە، وەک دەرکردنی بەیاننامە بۆناوی گرووپەکە خۆیەوە، لەسەر بارودۆخی سیاسی و ناڕازایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و خۆپیشاندانەکان لە هەرێمی کوردستان، وەیا بۆنەکانی هەشتی مارس و یەکی ئایار. لە نێوان هاوڕێیانی ئەم دەستەیە و هاوڕێیانی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)دا، پێیوەندییەکی هاوڕێیانە بە دیالۆگ و بیروڕا گۆڕینەوە، ناوەناوە لە ئاراداید، بەڵام پێیوەندیەکی فەرمی و ئامانجدار بە مۆبەستەکی دیاریکراو نییە، وەک ئاوێ کە پێشتر لە نێوان (یەکێتی کۆمۆنیستەکان) و (ڕێکخراوی بەدیلی

کۆمۆنیستی)دا هەبوو.

– هەڵکشاوی (یەکێتی کۆمۆنیستەکان لە عێراق)، دوای چەند دانیشتن و گفتوگۆ لەگەڵ (هەڵکشاوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) لە کۆتایی تشرینی دووەم (نۆڤەمبەر)ی (٢٠١٨) بەیاننامەیەکی هاوبەشیان دەرکرد، کە تیایدا هاتووە [... مەبەستی سەرەکی ئەم دانیشتن و گفتوگۆیانە واوەتر بوو لە کاری هاوبەش و هاوکاری نێوان دوو هەڵکشاوی سیاسی، و لە بنچینەدا ئامانج لەی پێکهێنانی هاوفکری و هاوڕایی سیاسی و بەرنامەیی و چونێتاو پێوەیەکی سیاسی عەمەلییە بە یەکگرتوویی و هەنگاونان بەرەو هەنادی حزبێکی کۆمۆنیستی مارکسیستی شۆڕشگێر]، بەڵام دواتر بەهۆی ئاوەوە کە هاوڕێیانی (یەکێتی کۆمۆنیستەکان) مەیلیان بەلای ئەزموونی سیاسی (پەیەدە - پارتی یەکێتی دیموکرات) لە کوردستانی سوریا و ئایدیا و ئایدیەلۆژیای پشتی ئەم ئەزموونە پەیدا کرد، بە عەمەلی کشانەوە لەم پەیوەندییە و لەم پێوەیەی کە بەیاربوو بچنەناوەوە لەگەڵ (هەڵکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)دا.
ئێستا (یەکێتی کۆمۆنیستەکان) نزیک بە دوو ساڵە، هیچ چالاکییەکی عەمەلی و عەلەنی ئەنجام نەداوە بەناوی هەڵکخراوەکەوە، هیچ بەیاننامەیەکی دەرنەکردووە لەسەر ئاوگۆڕە سیاسییەکانی ناو هەرەمی کوردستان و ناڕازایەتییە کۆمۆنایەتییەکان و خێپشاندانەکان و بەنەکانی وەک هەشتی مارس و یەکی ئایار، کە ساڵانی پێشووتر ئەو کارەی دەکرد. وە هیچ ڕاگەیاندنەکیشان دەرنەکردووە بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو "هەڵکخراوە" و کۆتایی هاتنی.

– هەرچی (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق)ە لەلایەن (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان)ەوە نوێنەرایەتی دەکرێت، (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق) و (ئاڕاستەی مارکسستی هاوچەرخ)، تا ئێستا نەک هەر لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی هەرەم و لەناو ناڕازایەتییەکاندا، بەڵکو لەناو خودی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیشدا، چالاکییەکی سیاسی ئەوتۆیان نییە لە کوردستانی عێراق.

7. سێ ستراتیژ لەناو بزووتنەوەکەدا

سەرەتا ئەوە بڵێم کە ناوەڕۆک و جەوهەری هەر هەوتێک، هەر حزب و هەڵکخراوێک، ئەو پراتیکە سیاسییەتی کە لە جیهانی

واقعیدا پیادەی دەکات، نەک ئەوەی سەر بە چ خاتەکی فکریە و بانگەوازی چ فکر و ئایدیۆلۆژیایەک دەکات.
پراتیکی سیاسی هەر حزب و ڕێکخراوێکیش بەدەوری تەوەرێک (چەقێک، ناوەندێک، میحوەرێک)دا دەسووڕێتەوە. واتە کێشەیەک، گرفتێک، یا مەسەلەیەک دادنرێت بە گرێ و کێشەی سەرەکی و جەوهەری کە کەمەگە گیریخواردووە بەدەستیەوە، جا لەرەوە چالاکی و کاری سیاسی ئەنجام دەدرێت بە چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی ئەو کێشە و گرفت و مەسەلە ئاسەی و جەوهەرییە.
ئەوەی پێی دەوترێت ستراتیژ بریتییە لە کۆیەکی ئۆرگانیکی تەوەر و پراتیکێک وەک یەکۆیەکی لێکهەڵپێکراو، واتا بریتییە لە یەکۆیەکی پێکهاتووی ئۆرگانیک لەو ناوەندە کە بەدەوریا پراتیک ئەنجام دەدرێت، ئەمە بە شێوەیەکی گشتی و بە تایبەتیش تاکتیک دەگیرێتەبەر لە قۆناغە جیاوازەکان و لە هاوسەنگی هێزی جیاواز و لە ئاستە جیاوازەکانی خەباتدا بە ئەنجامەدانی ئەو پراتیکە، بەم پێیە تاکتیک بەشێکە لە ستراتیژ و پێکهەنارێتی و لێی جیانابێتەوە.
تا ئەو شوێنەی کە پێویست دەبێتەوە بە ستراتیژی کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی لەناو بزووتنەوەی چەپ و کەمەنیستی ئەمەی کوردستانی عێراقدا ڕووبەڕووی دوو هێڵ و ڕێبازی سیاسی جیاواز بە یەکترین. کە یەکێکیان ستراتیژی (حکک کوردستان)ە و ئەوی تر هی (ڕێکخراوی بەدیلی کەمەنیستی)یە.
پێشتر ستراتیژێکی تر کە (یەکێتی کەمەنیستەکان) لەسەری دەڕۆیشتن لە ئارادا بوو، بەڵام ئێستا بەو پێیەی کە ئەم ڕێکخراوە هیچ جۆرە چالاکییەک لە خۆی نیشان نادات و هاوڕێیانی ئەو ڕێکخراوەش ڕوویان هێناوە بە ستراتیژ و بەرنامە و ئایدیایەکی تر کەسەر بە ئەزموونی کوردستانی سوریایە، بەڵێ خودی ستراتیژەکە لە مەیداندا نەماوە، بەڵام ئەمە لە کۆتاییدا بە بڕجەستەکردنەوەی هەرچی زیاتری ستراتیژی کەمەنیستی و جیاوازی لە ستراتیژەکانی تر باسی لەوە دەکەین وەک ستراتیژی سێیەم.
– ستراتیژی سەربەخۆیی کوردستان، حزبی کەمەنیستی کرێکاری کوردستان.
ئەم ستراتیژە لە بەڵگەنامەکانی دامەزراندنی ئەم حزبەدا لە (٢٠٠٨) و لە بەرنامە و چەندین بەیاننامە و ڕاگەیاندنی پلینەمەکانی کەمیتەناوەندی و بەیارنامە و پەسندکراوەکانی حزبیدا هاتووە، وە لە ڕووی کردەی سیاسیشەوە، ئەم حزبە نەک

هەر چووە پشتی "یەفراندەم" لە ئەیلولی (٢٠١٧)دا، بەڵکو بە بڕیاری کۆبوونەوەی سمینارێش لەیەن کادرەکانی هاوبەری حزبەوە چالاکانە بەی هەڵسوڕاو بوو. ئەمە و سەربەخۆیی کوردستان و یەفراندەمەکە جگەی پشتیوانی حزبە کۆمۆنیستییە کرێکارییەکانی تری وەک (حکک عێراق) و (حکک چەپی عێراق) و حزبە کۆمۆنیستە کرێکارییەکانی ئێرانیش.

(حکک کوردستان) بە ماوەی دە ساڵ (٢٠٠٨-٢٠١٨) پافشارییەکی یەکجار زۆر زۆقی لەسەر سەربەخۆیی کوردستان کردبوو، بەڵام شکستی ناسیونالیزمی کورد بەدوای "یەفراندەم"ەکەدا ئەوانیشی توشی داماوی کرد کە لە لای چەپیەوە وەستابوون، بەیە هەواش هەواش مەسەلەی پەداگرتن و باسکردنی سەربەخۆیی کوردستان لای حزب، ساڵ لەدوای ساڵ کاڵ و کاڵتر دەبێتەوە لە بەیاننامە و ئاگەیاندنی پلینەمەکان و بەیارنامەکاندا تا دەگات بە دواین کۆنگرە (کۆنگرەی شەش/ مارسی ٢٠٢٤)، کە لە جیاتی پەداگری لەسەر سەربەخۆیی لە ئاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەکەدا هاتووە [پەویستی بەرجەستەبوونی حزب وەک حزبەکی ئەزسیانی سەردەکی … و کۆتاییهێنان بە دەستەواتی گەندەڵ و … دامەزراندنی دەستەواتی شەراکانی خەڵک. … پەداگری لەسەر بردنەسەری یەکدەستی زیاتری هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و کوردستان]. وە لە بەیارنامەی بارودۆخی سیاسی و سەرخەتی سیاسەتەکانی حزب پەسندکراوی کۆنگرەکەدا هاتووە [چارەسەری مەسەلەی کورد لە ڕۆگای گەڕانەوە بە ئای خەڵکی کوردستان بە بەیاردان لەسەر مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا،… یا جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ] تا ئێستا هیچ دەکیومەنتێک لە ئارادا نییە کە بڕەت ستراتیژی سەربەخۆیی وەلانراوە و ستراتیژکی تر خراوەتە جگەی. دواتر باس لەم بەدنگییە دەکەین.

کاتێک شەپۆلێک لە خۆپشاندان سەریهەڵدا لە تشرینی یەکەم (ئۆکتۆبەر)ی (٢٠١٥)دا و جەماوەری تووڕە و ناڕازی بارگای زۆرێک لە حزبەکان نەک هەر ئەوانەی دەستەبات، بەڵکو بارگای (بزووتنەوەی گۆران) و حزبە ئیسلامییەکان و (حزبی شیوعی کوردستان) و (حزبی سۆشیالیستی کوردستان)یشان سوتاند، وە کۆتنەبەر هەرش و پەلاماری هێزە سەرکوتگەرەکانی دەستەبات و چەند لاوکیش تیا کوژران، ئا لەو بارودۆخدا، سەیرکۆن (حکک کوردستان) بەیاننامەیەکی دەرکرد لە (٣٠-١٠-٢٠١٥)دا بە ناونیشانی (دەستەواتی بورژوا-ناسیونالیستی کورد مایەپوچ بوو، ڕۆگاچارە پەکهەنانی دوورەتی سەربەخۆیە). من هەر ئەو

کاتە بە زنجیرە وتارێک بەناوی (دوو بەڵگەنامە. ئاناتەمی کۆمۆنیزمی کرێکاری کوردستان) ڕاخنەم هەم لەم بەیاننامە و هەم بەیاننامەی (١٥-١٠-٢٠١٥)ی (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق) گرتووە کە ئاوێش هەمان ستراتیژی خستبە ڕوو.
پێنج مانگ بەر لەو بەیاننامەیش، لە (٣٠/٥/٢٠١٥) لە ڕاگەیاندنی پلینۆمی (١٨) هەژدەهەمی حزب باس لە (زەرورەتی خەباتی لەبەراوانێی بە پاکردنەوەی داعش) دەکات کە (بەربەستەکە لەسەر ڕێگا گەیشتنی کۆمەڵگای کوردستان بەدەوڵەتێکی سەربەخۆی ئازاد و سکولار و بەدیهێنانی ئازادی ...). بەم پێیە تاکتیکی خەباتی لەبەراوانێ دژی داعش سەرچاوەکەی لە ستراتیژی (گەیشتنی کۆمەڵگای کوردستان بەدەوڵەتێکی سەربەخۆی ئازاد و سکولار) دایە.

8. بیست و یەک ڕۆژ دوای پلینۆمەکەش لە (٢٠-٦-٢٠١٥)دا بەیاننامەیەک بە هەمان تام و چێزی پە لە ترش و خوێی ڕاگەیاندنی پلینۆمەکە دەرچووە بەناوی [سەبارەت بە: بارودۆخی سیاسی کوردستان و ئاراستەی ڕووداوەکان!] و دەڵێت: [حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەوای وایە کە کۆتاییهێنان بە تاڵان و بڕی قوتی خەڵک لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردستانەوە بەبیانوی شەڕی داعش و نەناردنی بودجە لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە، بەینی بیانوەکان و دەرهێنانی کوردستان لەو گێژاو و بنبەستە سیاسی و ئابوورییەی تێی کەوتوە و هەروەها ڕزگارکردنی خەڵک لە هەژاران لەنێوان ململانێ و کێشمەکێشی دەسەڵاتێکی بە ئاسەی بەرژوازی کورد و حکومەتی ناوەندی، و ئەو هەموو گرفت و کارەساتەی ڕوبەڕووی خەڵکی کوردستان دەکرێتەوە، زەرورەتی دەستبەجێی جیابوونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کردە ئەولەویەتی سیاسی کۆمەڵگای کوردستان. لەم پێناوەدا حیزب لەبەراوانێ کاردەکات بۆ ئامادەکردنی توانایەکان و ڕێکخستنی ڕیزەکانی جەماوەری خەڵکی کوردستان بۆ کۆتایی هێنان بەم بارودۆخە و شکاندنی تۆقی گریدانەوەی ئاسایش و ئارامی و ژیان و ئایندەیان بەدیار ڕێگاچارەکانی ئۆحزابی بەرژوازی کورد و دەوڵەتانی ناوچەکە و وڵاتانی ئیمریالیستیەوە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان تەدەکشێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستان.]

ماوێتی ... لە بڕی داهاتوودا دەبێنرێ:

– لە گۆڕاوی سیاسی کوردستانەوە بۆ گۆڕاوی خۆتی ستراتیژ لەناو حکک کوردستاندا.
– ناوەندکی ستراتیژکی ئەم حزبە چ جۆرە سۆشیالیزم و کۆمۆنیزمکە؟
تەممووزی ٢٠٢٤

(خوێنەری کوشندە/ خوێنەری نیازخواز).. عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

لە بەنگ ئەم بانگیشانە چی دەبینین، خۆ لە خۆ گۆڕان لە دنیادا مەداری عەیش و خۆشی، خۆ نەناسینە مەحوی

لە کەی ئەو زنجیرە نووسینانەی لە بارەی خوێنەر و خوێندنەوە، نووسیووم. جگە لەوەی هەوەمداوە، قسە لە دەسەڵاتی خوێنەر و تیۆری خوێندنەوە بکەم، بە دیوەکەی دیکەش بەشێک لە ئیشکالەکانی دەسەڵاتی خوێنەر و کردەی خوێندنەوەم، نمایان کردووە. ئیشکالێک کە هەمیشە پرسیارەکانی لەنەوان دوو جەمسەری (دەق) و (خوێنەر)دا دەخولێتەوە: ئایا دەق لە دەرەوەی خوێنەر بوونی هەیە؟ خوێنەر بە بێ دەق دەبێ؟ ئایا دەق وەک بابەتێکی سەربەخۆ دەتوانێ پشت بە خوێندنەوە نەبەستێ، سنورەکانی خوێنەر و دەق، لە کوێ دەست پێدەکات و لە کوێ کۆتایی دێ؟
(1)
بەگومان خوێندنەوە کردەیە. (مەسعود محەمەد) دەڵێ: خوێنەر هەر چەندکی مەیل دەکات ئازادە، هەر چەندە دەشزانم ئازادییەکەی دەورە دراوە بە گەڵەک شریتی فیکری شێتکدان و بەند و بەستکردن، بە تایبەتی کە سەر بە لایەنکی ئایدیۆلۆجیی، یان خاوەن نیاز بوو … لێرە لە دەستواژەی (مەیلداری)یەوە مەسعود محەمەد: گومان دەخاتە سەر ئازادی؟! گومانکردن لە ئازادی لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە دیاردەی باوی مەیلداری (ئینتیماکردن) لە کەمەگای ئەمدا زۆتر

بەماوەیی! ئەگەر چەمکی (بەماوەیی) لە نێوان (خەناسین) وەک رەهەندێکی کەمایەتی و (ئاگایی) وەک رەهەندێکی مەعریفی خورد بکەینەوە، ئەوە ئەوەی لەپشت گومانەکەی مەسعود محەمەد دەبینرێت، زێتر لایەنە کەمایەتی و ئینتیما هاوبەشەکە و خە نەناسینی تاکگرایی! کەواتە بە بەرجەستەکردنی گومانی مەسعود محەمەد، دەشێ قسە لە دوو جەر خوێندنەر بکەین: خوێندنەری یەکەم، پەیوەندی بە فەزا و تەوانینی کە و دەلالەت و مانا سواو و کەکەکراوەکانەوە، هەیە و لەوشەوە دەستپاتی کلتوری هاوبەش و وێنەی جێگیری سواو و فیکرەی ئامادە بەرز دەکاتەوە! بەو مانایەش خوێندنەرەکە هەرگیز لە توانایدا نییە، کردەی (دانوستان) بە ئەنجام بگەیەنێت، بەڵکو بەردەوام ئامادەیی خەی لەنێو بونیادی (بەماوەی کەمەگا) و (جەماوەر)دا هەبێدەگرێتەوە. هەموو ئەوانەش دەلالەت لە خەناسی تاکگرایی دەکەن. بەڵام خوێندنەری دووەم، یان رووی دووەمی خوێندنەری (مەیلدار) دەشێ سەر بەو ناونانەی (بەختیار عەلی) بێ، واتە خوێندنەری کوشندە.
(2)
خوێندنەری کوشندە ئەو ناچالاکە و مەیلدار و ئاماستە کراوەیە، کە هەزی ئاگایی خەی لە دەزگا رەشنبیریەکانەوە وەرگرتووە (ئاگایی درەزنانە، بەس بە مانا مارکسییەکەی نا) چونکە (دەزگا) رەشنبیریەکانی کوردی ئەو هەزانەن، کە رەی خوێنەر، وەک کەسێکی ئازاد، وەک ئەوەی، کە دەتوانە خودی خەی لە پرسەی خوێندنەوەدا، دارێژتەوە و چەی مانا شیاوەکان و کەدەکانی نەو دەق کەشف بکات! وەک بەشدارکەری تەکست، وەک ئەوەی، کە لە دووتوێی پەکهاتەی زانستی و شانەکانی دەق (دووانەی هاودژ) دەدەزێتەوە و لە رەگەای ئەو دەزینەوەیەش، ئەو رووداوانە کە دەکاتەوە، کە پەویستە شیبکرێنەوە، داگیر دەکەن. خوێندنەری کوشندە هەزی خەی لە فەرامەشکردنی پەکهاتەکانی دەق و سوانەوە بە دەوری دەق و پەراوەزی دەقدا هەبێدەگرێتەوە.
خوێندنەری کوشندە لای بەختیار عەلی ناوەک و ئاماژەیەکە بە هەموو ئەو هەزانەی، کە لە دنیای ئەدەبیاتی ئەمەدا بوونەتە هەزی (نیشانکردن) و (دەرخستن) و (بەرزکردنەوە)، بە ئەوەی هەستەنگاندنەکانیان پەیوەندی بە ئیستەتیکای هونەری و تەکنیکی تەکستەکانەوە هەبێت و لەبەر رەشنایی ئیشکردن لەگەڵ تەکست و لە ناو تەکست و تەریب بە تەکست لە دایکبووبێت. بەگومان من قسەم لەو هەزە بکوژانە نییە، کە رەشنبیریی کوردی، لە خزمەتی وەلائی حیزبی و (ئاگایی درەزنانە) کورت دەکەنەوە؟! بەڵکو قسەم لە کردەی خوێندنەوەیە، کە ناشێ تەنها لەو دەزگا بکوژانە و خوێنەری باسیف (کوردی) هەیبگرینەوە؟! بەدیوەکەی دیکەش ئەو خوێنەرەی بەختیار عەلی، وێنەی ئەو

خوێنەرمان بیر دەخاتەوە کە "ئیروین وولف" بە خوێنەری نیازخواز ناوی دەبات؟! خوێنەرێکی وولف (دانەر) لە مەشکی خەی بە مەبەستێک دایدەنێ. خوێنەرێکی بەختیار (دەزگا رۆشنبیرییەکانی کوردی) بە وەلائی حیزبی دروستیان دەکات! ئەوەی ئەو دوو خوێنەرە لە یەکتر نزیک دەکاتەوە، ئەوەیە، کە هەر لە رێگای ئەو خوێنەرە (مەیلدار/کوشندە) یە دووبارە وێنەی ئەو (کەمەگا/جەماوەر)ە دەبینین، کە (دانەر/دەزگا رۆشنبیرییەکانی کوردی) دەیانەوێ قسەیان لەگەڵدا بکەن، یان ئاراستەیان بکەن!! ئەگەر خوێنەرێکی وولف، وێنەی دەقەکان بگرێ و لەگەڵ دەقە جیاوازەکان بگونجێ! ئەوە خوێنەرێکی بەختیار، ئاگایی لە دەزگاکان وەردەگرێ و بە هەوای دەزگاکان دەژی و هەناسە دەدات!
دوا سەرنجم لەسەر خوێنەری کوشندەی بەختیار عەلی ئەوەیە، کە ئەو ناونانە بە خوێندنەوە و خوێنەر کەمەکێک بەلای پەگیری و تووندوتیژییەوەیە: یەکەم، لەبەر ئەوەی کردەی خوێندنەوە تەنها لە زیندانی دەزگا رۆشنبیرییەکانی (کوردی)دا دەبینێ. دووەم، چونکە لە هەڵسەنگاندنی خوێندنەوە لەبری ئەوەی (ئازادی) ببەخشێ، خوێنەر لە (تێکستخواز)ی دیاریکراودا کورتی دەکاتەوە؟!

عێراق لە پرسەی سەردەمێکی نوێدا.. عوسمانی حاجی مارف

بەغدا بەنیازە ئەو کەمپانە دابخات کە بوونە شوێنی نیشتەجێبوونی ئاوارەکانی شەڕی داعش، لەهەمانکاتدا لەسەر داوای بەغدا، فەرمانی ڕاگرتنی چالاکیەکانی نەردەی نێتەوە یەکگرتووەکان بە هاوکارییەکانی عێراق (یونامی) دراوە.
لەلایەکی تریشەوە بەشەویەکی بەرفراوانتر، عێراق هەوەدەدات چالاکیە دیپلۆماسییەکانی خەی لە ناوچەکەدا ئاسایی بکاتەوە، کە لەم دواییانەدا نوێندگیریی دانوستانەکانی نزیکبوونەوەی تورکیا و ژەمی سوریای لەخۆگرتبوو.
لە ساڵی ٢٠١٤وە، لەگەڵ ئامادەبونی سەربازی ئەمریکا لە عێراق و سوریادا، کە پێویست بوو بە شەڕی داعشەوە، شەپۆلی گەورە یەخەی عێراقی گرت کە گەورەترین وێرانکاری و کوشتاری مرۆیی لێکەوتەوە،

عێراق و ناوچەکە کەوتنە دۆخێکی تەواو دژوارەوە.
دوای کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی داعش بەسەر هەندێ ناوچەی عێراق لە ساڵی ٢٠١٧ و کۆتایهێنانی لە سوریا لە ساڵی ٢٠١٩، توانای ئەمنی و دۆخی دارایی بەغدا بەرەو هەڵکشان چوون. حکومەتی بەغدا توانی هێزەکانی باشتر ڕێکخاتەوە و ئیدارەی کەرکوکیان لژێر دەستی بارزانی و تاڵەبانی دەرهێنا. بە شێوازێک لە چەند لایەنکەوە نیشاندانی هەنگاوەکانی ئارامی سیاسی گرتەبەر.
بەڵام دەوری ئیسرائیل لە داگیرکاری و وێرانکاری و کوشتاری بە کەمەڵی خەڵکی غەززە دوبارە گرژی و نائارامی سیاسی بە جارێکی تر هوبەووی ناوچەکە کردەوە، چونکە پشتیوانی ئەمریکا بە ئیسرائیل بووە هۆی نوبوونەوەی هەرشی میلیشیا عێراقیەکان بە سەر هێزەکانی ئەمریکا، لەکاتێکدا کە مشتومەڵێکی بەردەوام لە واشنتۆن سەبارەت بە مەرجەکان و مانەوەی هێزەکانی لە عێراق و ناوچەکەدا هەیە. لە لایەکی تریشەوە فشارێکی زۆر هەیە لەلایەن هێزە ئیسلامیە میلیشاکانی عێراق کە سەر بەئێرانن بە کردنەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، بەیە پێرەسندنی تۆندوتیژیەکان، بەغدا دۆخاتە دۆخێکی مەترسیدار و ناجێگیرەوە، چونکە سودانی لە جێگایەکدا وەستاوە کە هەوەڵدەدات هاوپەیمانی خۆی لەگەڵ هەردوو ئەمریکا و ئێران بپارێزێت. لەم بارەیەوە سودانی تا چەند دەتوانێ لانەو ئەو دۆخەدا هاوسەنگی ڕاگرێت، مەسەلەیەکی جدیە بە ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا، بەتایبەتی کە لە پێناوە نووری مالکیش هەوڵ ئەدات گەڕانەوەی خۆی وەک سەرۆک کۆماری عێراق بەدەست بهێنێتەوە، بەیە سەرکەوتن بە ساغکردنەوەو دامەزراندنی دەسەڵاتێکی سیاسی بەمانای دابیکردنی ئارامی سیاسی بە سودانی لەبەردەم ململانێیەکی توندا بەرەو ڕووە.
لە مانگی یەکی ئەمساڵدا، لەلایەک سودانی ڕایگەیاند کە پەیوستیان بە هاوپەیمانی نەماوە بە دابینکردنی ئاسایشی ووڵات، بەڵام لەلایەکی ترەوە هەر لەو مانگەشدا ئەمریکا و عێراق لە ڕێگەی لیژنەی باڵای سەربازیەوە دەستیان بە دانوستانی فەرمی کردەوە بە گەیەنی ئەرکی هاوپەیمانی بە دانانی "هاوبەشیەکی ئەمنی دووڵایەنەی هەمیشەیی". هەبەتە ئەم جارە کارانە بە هەردوڵایان حکومەتی عێراق و ئەمریکا شتێکی سەرسوڕهێنەر نیە، چونکە هەردووڵایان لە هەماهنگاکتدا ئاماژەیان بە مەسەلەی کەمکردنەوەیان کۆتایهێنان بە ئامادەبونی سەربازی ئەمریکا کردووە لە عێراقدا، کە تائێستا نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەرەوەها پەرلەمانی عێراقیش هەر لە ساڵی ٢٠٢٠دا دەنگی لەسەر پێژە یاساکان داوە کە ئامانجیان دەرکردنی هێزە بیانیەکانە.

هەرچەندە ئەوە ڕوونە کە داعش چیتر ناتوانێ وەک هێزێکی داگیرکەر مەترسی بۆ سەر عێراق دروست کاتەوە، بەڵام هێزە ئەمنیەکانی عێراق تەنیا توانایەکی سنووردارییان هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پاشماوەکانی ئەم گروپە تیرۆرستیە، بۆتایبەتی لەو ناوچانەی کەشێوان بۆغداو هەرێمی لەسەرە، هەربۆیە پێویستیان بە پشتیوانی هاوپەیمانان دەبێت لە پلانداڕشتان بۆ ئەرکە سەربازیەکان و دەستپێکردنی هەرشی ئاسمانی و جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی هەواڵگری و... ئەرکە سەرکیەکانی تر، لەلایەکی ترەوە ئاشکرایە کە گروپەکانی داعش هەوڵدەدەن سوود لە کەلێنەکانی حوکمڕانی هەوڵێرو بۆغدا و دابەشبوونی تائیفی وەرگرن.
بەگوێرەی ڕاگەیاندنی نووسینگەی نێتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی دەربارەی کۆمەک بۆ کاروباری مرۆیی لەعێراقدا، ئاماژە بەوەکراوە کە ئەو هەوڵە مرۆیە نەودەوڵەتیانە کەم کراوەتەوە، بۆ نمونە بودجەی دەرکەی لە نێوان ساڵانی ٢٠١٧ بۆ ٢٠٢٠ لەسەدا ٩٥ی پەداویستیەکانی هاوکاری بۆ عێراق بڕیهێناوە، بەڵام ئەم ژمارەیە لە ساڵی ٢٠٢٢دا بۆ ٦٧% دابەزیوە، لەهەمانکاتدا ئەنجومەنی ئاسایشی نێتەوە یەکگرتووەکان بۆ کەی دەنگ، دەنگیانداوە کە یونامی ئەرکەکانیان بۆ هەوڵی کۆمەکی مرۆیی لە ساڵی ٢٠٢٥ بۆ عێراق ڕاگرن و کۆتایی پێبهنن.
ئەمەش ئەو دەرخەرە پێشەوە کە هاوکاتی بڕەوچونی پرۆژە ئابوریەکانی عێراق و دامەزراندنی سەرمایەگوزاری و پرسەی ئاراستەی نوێبونەوە بۆ کەرکەی زیاتری سەرمایە، تاچەند سودانی لە توانایدا دەبێت لەو ئەم ململانێ ناوچەیی و جەنجاڵی و ململانێی لایەنەکانی ناوخۆی عێراق، سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بەتایبەتی کە سودانی هەوڵدات بۆ خۆی پشڕەوی ئەم پرسەی گۆشەپەدان بێت.
ئەوەی پێویستە لەم بارێوە جەختی لەسەر بکەین گەر لەکاتەکدا سودانی نەیتوانی ئەم پشڕەوێ بۆ ئەجام بگەیەنێت، مانای وەستانی هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی ئەمنیەت بۆ سەرمایەگوزاری و دامەزراندنی پرۆژەکان نابێت، چونکە ئاراستەی پرۆژەی گۆشەپەدان لەسەروی سودانیە و لە ڕێڕەوە بڕژەوەندی گەرانی ئایندەی سیاسی و ئابوری عێراقە کە بە دەورانێکی تازە حسابی لەسەر دەکرێت .
بۆغدا هەوێداوە لە نزیکەوە لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، وەک قەتەر و سعودیە و تورکیا کەلەم دواییانەدا گەڕانی ئابووری و سیاسییان لە عێراق زیاتر بووە، کاربکات، ساڵی ڕابردوو ڕیاز هاوبەشیەکی سێ ملیار دۆلاری لە کۆرتە جیاجیاکاندا ڕاگەیاند بۆ یارمەتیدانی هەمەچەشنکردنی ئابووریی وابستە بە نەوتی عێراق، هاوکات دەحەچەند یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ بۆغدا لە بواری وزەدا

واژەکرد. هەروەها قەتەر و تورکیا بەشداری لە دروستکردنی "ڕێگای گۆشەپەدان" دەکەن، کە پەژێیەکی هێڵی ئاسنین و ئێگاوبانە و ئامانج لێی بەستنەوەی ئاسیا بە ئەوروپایە.
کاتێک سودانی یەکەم سەردانی خۆی وەک سەرکۆزیرانی عێراق بە واشنتۆن ئەنجامدا، هەوێدا پاپشتی بردەوامی ئەمریکا بە گۆشەپەدان و گۆشەی ئابووری و خێڵاگری عێراق مسۆگەر بکات، هاوکات خۆی لە سیناریۆیەک بەدوور دەگرێت کە وەتەکەی ببێتە سەنگەرێکی هەمیشەیی نەوان ئەمریکا و ئێران. بەڵام سودانی ئەم بابەتە لەکاتێکدا دەوروژێنێت کە ڕەخنەی دژە ئەمریکی لە عێراق لوتکەدایە بەهۆی تێوانینی ئەو لایەنانەی کە دژایەتی ئەمریکا بە پشتیوانی هێمەتی سەربازی ئیسرائیل لە غەززە دەکەن، بەم مانایە، بەیارمەتی سودانی بۆ سەردانی واشنتۆن پێش ئەوەی هیچ باسێک بکرێت دەربارەی وەستانی شەر لە غەززە، بۆتە جێگای سەرنجی ئەو لایەنانەی دژی ئەمریکان.
سودانی سەرنجی لەسەر ڕاکێشانی کەمپانیا ئەمریکیەکانە بۆ کەرتی ژێرخانی عێراق و خزمەتگوزاریەکانی عێراق، لەهەمانکاتدا مسۆگەرکردنی بردەوامی پشتیوانی ئەمریکا بۆ چاکسازیەکانی بانکی و کارەبا، هەوڵدەدات هاوسەنگی لە نێوان ئەو فشار و ڕاکێشانەدا دروست بکات کە لە تاران و واشنتۆنەوە کێشەی بۆ دروست دەکەن.
سودانی ناڕازایەتیشی دەربڕیوە بەرامبەر بە زیادەڕۆیی پەرلەمانی عێراق بۆ دابیکردنی سەرچاوەی پەداویستیەکانی هێزەکانی حەشدی شەعبی کە هاوپەیمانی ئێرانن، چونکە سودانی ئەوە باش دەزانێت کە هێزە ئەمنییەکانی عێراق بەخۆیان ئەو توانا سەرتاپیانیان نیە، لەبەرامبەر ئەو ئیمکاناتە لۆجیستیانەی کە ئەمریکا لەئێستادا دابینی دەکات، وەک پلاندانان و کارەستەی هەرشی ئاسمانی و سەربازی پشکۆتوو و ئەزموونی ئامانجگرتن... لەبەر ئەم هۆکارە و هۆکارەکانی تریش سودانی پشتیوانی لە دیدگای کەمیتەی باڵای سەربازی دەکات، بەیەبەشێوەیەکی هەنگاوبەهەنگاو مامەڵە لەگەڵ پرسی کەمکردنەوەی بوونی سەربازی ئەمریکا لە عێراق دەکات، نەک لەناکاو لە عێراق بکشێنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەووی فشاری زیاتری لایەنە لایەنگرەکانی ئێران دەبێتەوە لە چوارچێوەی هاوپەیمانیە سیاسیەکەیدا بۆ خێراکردنی ئەم دەرچوونە.
پەدەچێت سودانی هەوڵی ئەوە بدات بیسەلمێنێت کە کۆنترۆڵی میلیشیاکانی هەیە و وردە وردە کاردەکات بۆئەوەی بتوانێت وای بیانخاتە ناو دۆزگای دەوڵەتەوە. بەڵام پێویستی بەوە دەبێت کە بکردار پشتگیری بکرێت، بە نموونە ترخانکردنی پشکێکی گەورەتر لە بودجەی ئەمنی عێراق بۆ هێزە ئەمنیەکانی ئاسایی و زیادکردنی

شەفافیەتی گرێبەستە دەوڵەتیە قازانج بەخشکان، بە دنیابوون لەوەی کە ڕێگری لە گروپەکانی سەر بە ئێران دکرێت، لە دەستبەسەردا گرتنیان بەسەر سەرچاوەی زیاتردا.
هەروەها بەیارە سودانی پابەندبونی حکومەتکەی بە پاراستنی کارمەندانی ئەمریکی پشتڕاست بکاتەوە. ئەمەش بە پاراستنی باڵیۆزخانە لە بەغدا و دابینکردنی کۆشکی سەلامەت بە ڕاوێژکارە سەربازیەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان دگرێتەوە.
پەدڕچێت سودانی جەخت لەسەر هاوکاری حکومەتکەی بکاتەوە لەگەڵ کەمپانیا نەوتەوڵەتیەکانی وزە (بە نموونە، تەتال و جەنەرال ئێلیکتریک) و تەڵەکانی وزەی ناوچەیی بە کەمکردنەوەی پشتبەستنی عێراق بە هاوردەکردنی کارەبا و گازی سروشتی ئێران. جەختی تایبەت لەسەر هاوکاریەکانی لەگەڵ دەستپێشخەریەکانی گەنجینەی ئەمریکا و یەدەگی فیدرالی ئەمریکا بە ئامانجی چاکسازی لە کەرتی دارایی و کەمکردنەوەی ڕێشتنی نایاسایی دۆلار بە ئێران دکرێت.
بەگشتی دەتوانین بڵێن بەهەر بارگرژی و دەخی نالەباری ئێستای عێراق و ناوچەکە و شێوەی غەزە، سودانی هەوڵئادت وەک نوێنەری ئەو ئاراستەیەی لە پرسەی نوێبونەوەی عێراقدایە بە ئەمنیەتی سەرمایەگوزاری دەرکەوت و خەی بگونجێنێت، بەڵام توانای بەردەوامی یان بەتوانایی بەردەوامی سودانی لەم ئاراستەیەدا، هەکاری ڕاگرتنی پرسەکە نابێت.

جادوو لە ڕوانگەی دەروونزانییەوە: خورافات و وەهم.. ابراهیم موحەمەد (ئەبو ئیهام لەقای)

بەشی ١: میکانیزمەکانی بیرکردنەوەی خورافی

لە کتێبەکەیدا "باوەڕکردن بە شتی سەیر: میکانیزمە دەروونیەکانی بیرکردنەوەی خورافی" باس لەوە دەکات کە باوەڕ بە جادوو بەشکە لە

بیرکردنەوەی خورافی. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە ئەنجامی چەند هۆیەکی لۆژیکی و بیرکردنەوەی هۆکار لە پەیوەندییەکاندا سەرهەڵدەدات:

بڕشی ١ (Vyse (2014:

١. هۆکاری پەیوەندیدان: مرۆڤ مەیلی ئەوەی هەیە پەیوەندی لە نێوان دوو ڕووداوی بێپەیوەند دروست بکات. بۆ نموونە، کەسێک دەڵێت "هەر کاتێک ئەم بەردە لەگەڵ خۆم هەڵبگرم، بەختم باش دەبێت".

٢. بیرکردنەوەی دووانەیی: بیرکردنەوەیەکە کە جیهان بە دوو بڕشی هێزها دابەش دەکات، وەک باش و خراپ. ئەمە وا دەکات خەڵک باوەڕ بە بوونی هێزە باش و خراپەکان بهێنن.

٣. هۆکاری پشتەاستکردنەوە: مەیلی گەڕان بەدوای زانیاری کە تەنها بەچوونەکانی خۆمان پشتەاست دەکاتەوە. بۆ نموونە، کەسێک کە باوەڕی بە جادوو هەیە تەنها ئەو ڕووداوانە دەبینێت کە پشتگیری لە باوەڕەکەی دەکەن.

بڕشی ٢: کاریگەری پلاسیبۆ

(Moerman (2002
لە کتێبەکەیدا "واتای پزیشکی: کاریگەری پلاسیبۆ و چارەسەری کولتووری" ئاماژە بەوە دەکات کە زۆربەی کاریگەرییە سەرنجڕاکێشەکانی جادوو دەکرێت بە کاریگەری پلاسیبۆ ڕوون بکرێنەوە:

١. چاوەڕوانی: کاتێک کەسێک باوەڕی بە کاریگەری جادوویەک هەیە، ئەم چاوەڕوانییە دەتوانێت کاریگەری لەسەر دەروون و جەستەی هەبێت.

٢. مەشک و جەستە: توێژینەوەکان دەریانخستووە کە باوەڕ و چاوەڕوانی دەتوانن کاریگەرییان لەسەر پێکهاتە فیزیۆلۆژییەکانی جەستە هەبێت.

٣. کۆنتەکستی کۆمەڵایەتی: کاریگەری پلاسیبۆ بەهێزتر دەبێت کاتێک لە کۆنتەکستێکی کۆمەڵایەتی-کولتووریدا ڕووبدات، کە ئەمەش زۆر جار لە ڕێوڕەسمە جادوویەکاندا هەیە.

بڕشی ٣: پەداویستی دەروونی

(Irwin (2009

لە کتێبەکەیدا "دەروونزانی پارانەرما"
ئاماژە بۆ دەکات کە باوەڕ بە جادوو دەتوانێت وەک میکانیزمێکی بەرگری دەروونی کار بکات:

١. کۆنترۆڵ: باوەڕ بە جادوو دەتوانێت هەستی کۆنترۆڵ بە کەسەکە ببەخشێت لە دەرخە نادڵنیاییەکاندا.

٢. ماناداان: جادوو دەتوانێت یارمەتی خەڵک بدات بە دەزینەوەی مانا لە ڕووداوە نەخوازراوەکاندا.

٣. دڵنەوایی: بە هەندێک کەس، باوەڕ بە جادوو دەتوانێت سەرچاوەیەک بێت بە دڵنەوایی لە دەرخە سەختەکاندا.

بەشی ٤: کاریگەری کولتووری

(Subbotsky (2010
لە کتێبەکەیدا "جادوو و مەشک: میکانیزمەکانی بیرکردنەوەی جادوویی" دەریدەخات کە باوەڕ بە جادوو بە شێوەیەکی بەرچاو لەژێر کاریگەری فاکتەرە کولتووریەکاندایە:

١. فێربوونی کۆمەڵایەتی: منداڵان زۆر جار باوەڕ بە جادوو لە دایک و باوک و کۆمەڵگاکەیانەوە فێر دەبن.

٢. جیاوازی کولتووری: توێژینەوەکان پیشانیان داوە کە ڕێژەی باوەڕ بە جادوو لە کولتوورە جیاوازەکاندا جیاوازە.

٣. گۆڕانکاری مێژووییی: باوەڕ بە جادوو بە تێپەڕبوونی کات و بە پێشکەوتنی زانست کەمی کردووە.

بە پێی ئەم توێژینەوە و بۆچوونە، دەتوانین بڵێین کە لە ڕوانگەی دەروونزانییەوە، جادوو وەک دیاردەیەکی ئاستەقینە و زانستی سەلمێنراو نییە. لە جیاتی ئەوە، جادوو دەتوانرێت وەک بەرهەمی کۆمەڵێک پێسەی دەروونی، کۆمەڵایەتی و کولتووری سەیر بکرێت کە لە ئەنجامی هەڵکەوتە بیرکردنەوە، پەداویستییە دەروونییەکان و کاریگەرییە کولتووریەکانەوە سەرهەڵدەدات.

هەرچەندە باوەڕ بە جادوو دەتوانێت کاریگەری دەروونی و کۆمەڵایەتی هەبێت، بەڵام ئەمە بە مانای بوونی هێزێکی جادوویی ئاستەقینە نایەت. لە ڕاستیدا، زۆربەی کاریگەرییەکانی جادوو دەتوانرێن بە میکانیزمە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەتی کاریگەری

پلاسیبۆ، ڤوون بکرێنەوە.

ابراهیم موحەمەد (ئەبواهام لینقای)

-_____

سەرچاوە زانستیەکانی بەکارهاتووی ئەم وتارە:

کتێبی یەکەم بەشی:

Believing in Magic: The Psychology of Superstition
By Stuart A. Vyse

کتێبی دووەم:

Meaning, Medicine and the 'Placebo Effect' (Cambridge Studies in Medical Anthropology, Series Number 9)
(by Daniel E. Moerman (Author

کتێبی سێیەم:
The Psychology of Paranormal Belief: A Researcher's Handbook
Front Cover
Harvey J. Irwin

کتێبی چوارەم:
Curiosity and exploratory behaviour towards possible and impossible events in children and adults
Dr Eugene Subbotsky

تاریکۆ، بەرام گۆرانی دەڵێم*..
شیعـــــری ئیـــــاگۆ دومیلۆ..
وەرگێڕانی: گۆران عەبدوڵا

کورتەیەک سەبارەت بە شیعری (تاریکۆ بەرام گۆرانی دەڵێم)
لە نـــوانی ١٩٦٢ بۆ ١٩٦٣ بۆی چاپ لە بەرزایـــل دەســـاتدارێتی

وەاتی بە سەرکایەتی جۆ گوڵارت گرتبووە دەست و هیوایەکی گەورە هەبووە بەرەو گۆڕانکاری. لەم کاتەدا شاعیر ژیاگۆ دومیلە کە بەشاعیری ئەمەزەنی ناسرابوو شیعری ئاسۆی جوتیارانی نووسی کە زۆر بەباشی توانی نەک هەر ماندووبوونیان لەکاری جوتیارییدا لە پەناوی بژێویدا بەڵکوو ئومێدیشیان بە ژیان لەو شیعرەدا بخاتە روو. دەخی سیاسی دەسەڵاتدارەتی بەرەی چەپ درێژەی نەکێشا و لە ١٩٦٤ بە پشتیوانی ئەمریکا کودەتای سەربازی کرا و دەخەکە بە خەڵکی کرێکار و جوتیاران بەرەو خراپی ڕەشت. لە ١٩٦٥ ئەم شیعرە بەاوبووەوە و لەلایەن گەرانی بژ (نارا لیە)وە کرا بە گەرانی بە ناوی (تاریکە بەنام گەرانی دەنگدانەوەیەکی گەورەی بەدوایخێدا هەناو و وەک سرودی نیشتمانی سێیر دەکرا.

تاریکە، بەنام گەرانی دەنگدانەوەم*.. ژیاگۆ دومیلە

خاکەکە هەشتا تاریکە
لە بەرەبەیانی جوتیاراندا،
بەنام پەویستە بچنرێت.
شەوە زەنگە،
بەنام بەیانی بەنەوێ

جێگایەک نییە بە گەرانی
کە لە ترس و لاسایکردنەوە چەکرابێت
بە دابەاوەکی گەمژە
ئەستا کاتەکە بە راستی
بە بەردەوامی و بەسادەیی گەرانی بە
ئەستا کاتەکە بە شادی
کە ڕۆژ بە ڕۆژ لەسەر یەکنراوە
لەگەڵ نان و گەرانی.

ها ئەوە کە ڕووەدات (لە هەوادا هەستی پەدەکەم)
کاتی پەگەشتنی گەنمە
کاتی دروێنەش دێت.
موعجیزە هەندە هەروەکوو
بارانە شینەکانی سەر کێڵگەکانی گەنمەشامی
لاسکی فاسیاکان گوڵەکانیان دەپشکوێت
شیلەی تازە دەژێت
لە درەختە پلاستیکییە دوورەکانمەوە.

ئاسۆی هیوا،
کاتێک بە خۆشەویستی زۆر نزیکە.
تیشکە ئاگراوەکانی خۆر دروێنە دەکەم لەسەر زەوی و
کەڵانی روناکی لەگەڵ قامیشی شەکر
ڕەحم بەتە ئاڵا.

ئاسۆی جوتیاران
خاکەکە تاریکە (بەهام زۆریش نا)
کاتی کارکردنە
تاریکە بەهام گەرانی دەمم
چوونکە سپێدە بە هەوێ
(تاریکە، بەهام گەرانی دەچم).

وەرگێڕانی: گەران عەبدوڵا
حوزەیران ٢٠٢٤

Thiago de Mello* مـــارس ٣٠- ١٩٢٦ – ١٤ی کـــانونی دووەم- ٢٠٢٢ شاعرێکی ناسراوی خەڵکی بەرازیلە و وەک شاعرێکی ئەمازۆنی ناسراوە. کارەکانی بە چەندین زمان وەرگێڕدراون.

سەرچاوە:
https://mronline.org/2022/07/22/it-is-dark-but-i-sing-because-the-morning-will-come-the-twenty-ninth-newsletter-2022/?utm_source=rss&utm_medium=rss&utm_campaign=it-is-dark-but-i-sing-because-the-morning-will-come-the-twenty-ninth-newsletter-2022&mc_cid=9acf07719b&mc_eid=25ab8c34a3&fbclid=IwZXh0bgNhZW0CMTAAAR1Kf15ryhCGZrjZ5Oz-b9s3T2PpM4wqEvcRZhBFSS6e31gcnmOm8wFsRxQ_aem_AcoryWn33NrQ8juJnSehy1Yu_JRHxHpyblZ4pSRK5o_4fCpUNb6rK8dWc5e4XjQOtPwavxtDhHIVlDZ_UwDnbFCR

هەنراوە بۆ منداڵان.. ڕزا شوان

ئەم سێ هەنراوەیە بۆ منداڵان، لە زمانی ئینگلیزییەوە، وەرمگێڕاوە بۆ کوردی.

١ـ کێ بای بینیوە؟.. هەنراوەی: کریستینا ڕەسیتی

کێ بای بینیوە؟
نە من نە تۆ:
بەهام کاتێک گوڵا هەواسراوکان دڵەڕەنەوە
با تەدەپەڕێت
کێ بای بینیوە؟
نە من نە تۆ:
بەهام کاتێک دارکان سەریان لاردەکەنەوە
با تەدەپەڕێت

٢ـ باشترین هاوڕێم پەرتووکە.. هەنراوەی: سانیا تاندەن

باشترین هاوڕێم پەرتووکە
ئەمەش نامە نییە بۆ لامەوە
وەک دەرگایەکی زەینە
دەمباتە ئەو خاکەی پێشتر نەچوومەتە ئەوە
چیرۆکەکانی پەریەکم بۆ دەگێڕێتەوە
دەمباتە خاکێکی پڕ لە خۆشی
هەندێک پەرتووک بێزارکەرن وەک مژوو
وەک مەتەڵکی گەورە وایە
پەرتووک سەرچاوەی ڕووناکییە
دە بۆ تاریکی دەدات و ژیانمان پڕ لە ڕووناکی دەکات

٣ـ واز لە پیسکردن بێنین.. هەنراوەی: ئارجون

خەڵکی بریقەدارە
ئاسمان شینە
باڵندەکان دەفڕن
سروە زەڕ ساردە
دایکە سروشت ئۆپەڕەی هەوای خۆی دەدات
جگە لە جوانی هیچی تر نابەخشێت
بەهام چی بکەین؟
بیکە بە هەرا

با بیکەین بۆ باشترین
کەمتر و کەمتر پیس بکەین
پارێزگاری لە کراسە سەوزەکەی بکەین
بۆ منداڵەکانمان و بۆ ئەوانی تر

ڕاپۆرت بۆ دەنکیشەت.. شیعـــــری نەوزاد بەندی

نزیکەی هەمو کوژراوەکانتان
هی شەڕەکانی براکوژیی بوون ..
خوێناتتان تەنها شەڕە جنێو و
دیوار نوسین و بمرە بژی بوون ..

کە بە داخوازی ئەمریکا لە پێ
ئەم دارە زەڕە هاتە بەر بەتان ..
پێلامارتان دا لە هەر چوار لاوە
دزی و وەڕە وەڕ ، لە خەڵک و خەتان

تەلار ..باخ ..ڤێلا ، دوکان و بازاڕ
بیری نەوت ، مەسفا ، بەنزینخانەی زەر
هێنانی کچی سەماکەری شام
بەڕاست و چەپا ، زیان وەک مشەخەر

هەر زوو گەمەکی براکوژیتان ،
کرد بە پاشماوەی ئەنفالی بەکەس
بەشکتان ناو نا لیوای تایبەت و،
بەرامبەرکەی کەماندی بە دەس

دەهەزار کەس لەم یاریەتانا
ناویان چوو بە ناو کەڕەکەی ئاشا
ئیتر ڕەژ بە ڕەژ خەڵک ئەتوایەوە و
گەورەتر ئەبوو شکەی دوو پاشا

دەرمانی ساختە ، تیمارگەی قەبە
خواردنی خراپ بازاڕی پڕ کرد
شەرپەنجە وەکو پەسیوی لەهات ،
هەر لە ژێرەوە هەژارتان قڕ کرد

کەمپانیا و باج و سەرانەی جیاجیا
لە هەموو لایەک هەڵپە بە دڵدار
بەربوونە گیانی خاکی نیشتمان ،
وەک گورگی برسی ..وەکو سەگی هار ..

هیچ نەمایەوە گاوی نەکەن ،
بوون بە سیخوڕی هەرچی ووتە
هەشتا لە ڕووتان دە قسە بکەن ،
هەر چرکەیەکتان سەد کارساتە ..

بە یەکەمین جار لە مەڕووی گەردوون ،
دەمتان ژەندە ناو موچڕی فەرمانبەر
شەرمەزار نەبوون ، چونکە بە شەرمن ..
لە دەرد و کێشەی میللەت بە خەبەر ..

ئامەزا و برا و خزم و ناسیاوتان
کران بە وەزیر ..بە پەرلەمانتار
بەس کورسی سەرەک هەر یەک کورسیە
شەڕە لە سەری نەک جارە سەد جار

شەڕی سندوقی هەڵبژاردن تا ،
شەڕی سیخوڕی و پشکی ئەم و ئەو
یەکە لە ئێران تەپ و تۆز ئەکا و
یەکە بە تورکیا ڕا ئەکا بە شەو

کوشتنی دیل و ڕادەستکردنەوەی
بە دوژمنانی کورد و کوردستان
ئەوەی کە دژی ئەم میللەتە بوو ،
جەبەجەتان کرد ، هیچ لەی نەوەستان ..

ئەستایش چی ماوە بیکەن بەو خەڵکە ؟
لە گەڕاندان بەی ، تاکو پیادەی کەن ..
هەرچیەک ژەهر و دەرد و بە کەڵکە ،
پێشبەکەتانە تا ئامادەی کەن ..

بەس دنیا بن ، هەرچی هەتانە ،
لە پێ ئەبێتە تاریکە گڕ ..
چاو تروکانێک ، هەمووی جێ دەمێن ،
سەدا سەد بار و دەختان ئەگڕێ ..

بەس بە داخەوە ، ئەوە بە ئاگان ،
ئاودەی پارە و پولی حەرام بوون ..
تا لوتتان نەدا لە بەردی ئەلحەد ،
لە لاتان وایە براوەی جام بوون